# سبەینێ ٧

گۆشەیەکی هەفتانەی نووسەرە ، کە ڕۆژانی چوارشەممە لە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان ) لە کوردستان بڵاو دەبێتەوە

## یان نان یان گوللە بنێرن !

ڕزگار عومەر

rezgar70ca@yahoo.com

پاش بۆردومان کردنی هیرۆشیما و ناکازاکی لە جەنگی جیهانی دووەم ، دەوڵەتی ژاپۆن خۆبەدەستەوەدانی خۆی ڕاگەیاند و هێزەکانی ئەمریکا بوونە حاکمی ئەسڵی ئەو وڵاتە ، ئەو سەردەمە بۆ ژاپۆن تاریکترین سەردەمیان بوو ، چوونکە برسێتی و بێ کاری و وێران بوونی ژێر خانی ئابووری کۆمەڵگەی تووشی بن بەست کردبوو ، هەر بۆیە لەو سەردەمە زمانی توند و تیژی و خوێن تاقە زمان بوو لە نێوان سوپای ئەمریکا و لە نێوان ناڕازایەتی ڕۆژانەی خەڵکی ژاپۆن ، ئەو کاتە ( ماك ئارسەر ) فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە وێ ، ماك ئارسەر سەبارەت بە بارودۆخەکە نامەیەك بۆ کۆنگرێس دەنووسێ ، ئەو کە نامەکەی نووسی هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەو نامەیە دەبێ بە دۆکیۆمێنتێکی گرنگی مێژوویی ، نامەکەی ئەو زۆر لایەنی تێدایە کە بریتی یە لە خوێندنەوەی ئەو بۆ وەزعەکە ، بەڵام گرنگترین بەشی ئەو نامەیەی ئەو لە ڕستەیەکدا خۆی کۆ دەکاتەوە کە بە ئەندامانی کۆنگرێس دەڵێ : یان نان یان گوللەم بۆ بنێرن !!

مێژوو نووسانی ئەمریکا شانازیەکی زۆر بە ڕۆڵی ئەمریکا دەکەن ، لە پێگەیاندنی ژاپۆن و ئەڵمانیا لە دووای جەنگی جیهانی دووەم ، ئەم شانازی کردنە لە سنووری شانازی تێپەڕیوەو بووە بە چاویلکە ، مامۆستای زانکۆ ، نووسەر ، موحەلیل ، ڕۆژنامەنووس بە نۆبەت لە چاوی دەکەن ، بۆیە زۆر سەیر نەبوو ، پێش ئەوەی ئەمریکا هێرش بکاو شەڕ لە ساڵی 2003 دەست پێ بکا ، نووسەرێکی ڕۆژنامەی ( نیۆرك تایمز ) لە وەڵامی پرسیارێك لە ئاقیبەتەکانی شەڕ ، ووتی : لە ئەنجامی ئەم شەڕە ، ئێمە عێراق یان دەیکەین بە وڵاتێك لە چەشنی ژاپۆن و ئەڵمانیا ، یان لە کۆنترۆڵ دەردەچێ و دەبێ بە ڤێتنامێکی تر ، ئەم پێشبینیە لاستیکیە ، لە چاو ڕاستیەکانی ئەمڕۆی عێراق ، بە شێوەیەکە کە بڕوا ناکەم ئەو نووسەرە لە شەڕە داهاتووەکانی ئەمریکا ڕووی هەبێ بە تەحلیل بخوێنێ ، چونکە عێراق لە ژێر شمشێری تیرۆر ، لە ژێر بێ ئاسۆیی سیاسەتەکانی ئەمریکا ، بە پێچەوانەی نامەکەی ماك ئارسەر نە لە گوللەی کەمە نە لە نان ، ئەمڕۆ خەڵکی عێراق پێش هەموو شتێك پێویستیان بە دەنگێکە کە جارێ تەنیا بۆ مانەوە ، بۆ دوور خستنەوەی دێوەزمەی کوشتن و بڕین ، ئومێدێکیان پێ بدا ، ئەوان پێویستیان بە هێزێکی سیاسیە کە بە ڕاستگۆیی لە پاڵ دووپات کردنەوەی هەموو ڕۆژەی ووشەی (( سەرەتا )) قسەیەکیش لە سەر ووشەی ((کۆتایی )) بکا ، پێویستیان بە سیاسەتمەدارێکە بێ ئەوەی شەریکی پرۆژەو بەرەی تیرۆریزم بێ یان بالێوزی موخابەراتی دەوڵەتانی دراوسێ بێ ، لە بەرامبەر بەرپرسانی ئەمریکا تەنیا گوێگر نەبێ ، بەڵکو قسەکەریش بێ ، پێویستیان بە قسەکەرێکە لە سەر بە ئێران کردنی بەسرە ، لەسەر دەست تێوەردانی سعوودیە ، لەسەر گفتوگۆی نهێنی نێوان ئێستای بەعس و ئەمریکا ، بێ دەنگ نەبێ ، بۆ تێپەڕاندنی ئەم وەرزی مردنە ، بۆ ژیان ، قسەی دڵی خەڵکی بکا .

@ @ @